# مهاباد له مابەینی دووشەڕدا بەشی 4

## گۆڕینی نێوی ساوجبلاغی موکری به مهاباد له ساڵی 1314ی هەتاویدا

رەزاخان له بەرێوه بردنی سیاسەتی بێگانه که بریتی له خەبات دژی دیاردەکانی ئیسلامی و بنەماکانی پێک هێنەری فەرهەنگی دینی و قەومی بوو به دروست کردنی فەرهەنگستان که له راستیدا یەکێک له دیاردەکانی ناسیونالیسمی کوێر و تەنگ نەزەرانەی رەزاخانی بوو، دەستی کرد به پاک کردنەوه(پیرایش)ی زمانی فارسی بەڵام مەزووعی پاک کردنەوەی وشەی بێگانه له زمانی فارسی ، له راستی دا شێوەیەک بوو که وشەی فارسی له جێگای ئەو وشه رەسەنانه دابنێ که نوێنگەی هوویەتی دینی و فەرهەنگیی ئەو نەتەوانه بوون و به درێژایی مێژوو سەقامگیر ببوون.

له بەرێوه بردنی ئەو سیاسەته شوومه دا ساڵی 1314ی هەتاوی ساوجبلاغی موکری کرا به مهاباد بەڵام به میسداقی ئەو مه سەلەی که دەڵێ < عدو شود سبب خیر اگر خدا خواهد> بوو به هۆی گەڕانەوه بۆ رەسەنایەتی هەوەڵینی ئەو شاره مێژووییه.عەلاقه و دڵسۆزیی لێکۆڵەوەرانی کوردی وەکوو رەشید یاسمی خاوەنی کتێبی (کرد و پیوستگی نژادی و تاریخی او ) که وەکوو ئەندامی فەرهەنگستان کاری دەکرد و نەیان دەتوانی هەستی ناسیونالیستیی کوردیی خۆیان بشارنەوه بوه هۆی ئەوەی به لابردنی نێوی سابلاغ که دەکوترێ وشەیەکی مەغوولیه و له هێرشی مەغوولەوه به سەر ئەو ناوچەیه دا دابڕاوه و هەڵبژاردنی نێوی مهاباد که ریشەی له پێک هاتەی مێژوویی ئەوناچەیه دایه وەزیفەی خۆیان سه بارەت به خەڵکی ئەو ناوچەیه بەڕێوه برد.

## هاتنی رەزاخان و محەمەدرەزا پەهلەوی بۆ مهاباد له ساڵی 1315ی هەتاوی دا

دوومانگ دوای سێڵاوی ماڵوێرانکەری مهاباد که له رۆژی جومعه دووهەمی مانگی موردادی 1315ی هەتاویدا رووی دا ، رەزاخان له زاهیردا به مەنزووری پێ راگەیشتن به بارودۆخی پەرێشانی خەڵک و له بنەوه به مەبەستی هەڵسەنگاندنی ئەو باروودۆخەی که دوای راگەیاندنی لابردنی حیجاب و ئاڵ وگۆڕی نێوی مهاباد هاتبوه پێش بۆ جاری سێهه م هاته مهاباد . لەو سەفەرەدا کوڕەکەی خۆی محەمەدرەزاشی دەگەڵ بوو . ئەو سەفەره لەو بارەوه گرینگه که رەزاخان که له مەیدانی سیاسەتی جیهانی دا غەیری بازیچه یەکی دەستی دەست درێژ کەرانی به تەماع نەبوو دوای هەڵسەنگاندنی بارودۆخەکه و تێروانینی وردی ناوچەکه گەڕاوه تاران و چەند مانگ دواتر به بەستنی په یمانی ئه منیەتی دەگەڵ دەوڵەتەکانی تورکیه و عێراق له دژی کوردەکان ، ئەو رێگایەی له لۆزانەوه له دژی کورد دەستی پێ کردبوو به سەعدابادیەوەی وەسڵ کرد و خاتیمەی پێ دا.

(17ی مانگی تیری ساڵی 1316 . سەعداباد)

ب. ئەنتلێکتوئێله ناسیونالیستەکان

دوای تۆتایی هاتنی شەڕی جیهانیی یەکەم ، ئیستبدادیی نیزامی فێئودالّی و بورژوایی حاکم له ناوچه دا نەیدەتوانی ئارەزووەکانی جیلی گەنج که به سەرسووڕمانەوه چاوی بڕیبوه پێشرەفتەکانی رۆژاوا ،

بەراوەرد بکا . رێبەرایەتی سوننەتیی کۆمەڵگای کوردی بە هۆی سستی و زەعفی نەفس و تەساموح ، لەو ئاڵ وگۆڕە قووڵانەی کە لە سەراسەری ژیانی کۆمەڵایەتیی جیهانی موتەمەدین دا رووی دابوو غافڵ بوو. لە هەل و مەرجێکی وادا گەنجەکانی کورد بە تایبەت ئەو چینەی کە ئۆگری تێکۆشانی سیاسی بوون پێیان خۆش بوو ئاڵ و گۆڕێکی وا لە کوردستانیش دا روو بدا کە بیخاتە سەر رێگای پێشڕەفت و گەشە کردن . ئەوان ئیدی نە یان دەتوانی پشت بەو گەورەپیاو و فیئوداڵانە ببەستن کە جاری وابوو دەبوونە مولتەزمی رکابی قیبلەی عالەم . ئیدی مەیلیان لێ نەبوو جارێکی دیکە بە قیمەتی بەدبەختیەکی درێژ خایەن تاقیان کەنەوە . بەو هۆیەوە راستەوخۆ و جیا لە ناسیونالیسمی فیئۆدالی رێبازێکی دیکەیان لە خەبات دا گرتە بەر . ئەوانە کەسانێک بوون کە سەبارەت بە وەزعی ئینسانیی خۆیان لە زەمان و مەکانی مێژوویی ، کۆمەلایەتیی کە تێی دا دەژیان ئیعترازیان هەبوو. ئەو ئیعترازە ببوە هۆی ئەوەی هەستی بەرپرسیارەتی خستبوە سەر شانیان.

هەوەڵین هە نگاوی ئەو کەسانە هاندانی خە ڵک بۆ موجازاتی خەیانەت کاران و ئەو زۆردارانە بوو کە ماف و هەقی خەڵکیان پێ شێل کردبوو. ئەو موجازاتانە لە رۆژهایەکی تایبەتی لە ساڵ دا بوو و ئەو ئاکارەیان لە دوو مەقالەی میرزادەی عیشقی شاعیری شۆڕشگێڕی کورد وەرگرتبوو کە یەکیان لە رێکەوتی پێنج شەممە (چواری جەوزا) مانگی خوردادی 1301 شومارەی 8ی ساڵی هەوەڵ و دووهەمیان لە سەرمەقالەی یەک شەممە 8ی جەوزای هەمانساڵ لە شەفەقی سوور دا بڵاوی کردبۆوە. چونکە بڵاوبوونەوەی ئەو دوو مەقالەیە دواتر لە مهاباد بوە هۆی جووڵانەوەیەکی نوێ لە نێو لاوانی شۆڕشگێڕی مهاباد دا کورتەیەک لەو نووسراوانە لێرە دا پێشکەش دەکەم .

(قانوونی موقەدەسی ئیسلام کە لە رەسەن ترین کارخانەی سروشت ئیستخراج کراوە چی لێهات کە پاش چەند خەلیفەی هەوەڵین ئیدی بە تەواوی مەعنا وەکار نەکەوت . خولەفای بەنی ئومەیە هاتنە سەر کار و مەقام و مەنسەبی ئەو قانوونە موقەدەسانەیان بە هەر جۆریک بوو بە دەست هێنا و دوایی هە موو شتێکیان کرد غە یری عەمە ل کردن بەو قانوونانە لە بەر چی ؟

مێژووی رێ و رەسم و قانوونە گرینگەکانی دنیا نیشانی داوە کە هەموو ئایینێکی پاک و هەموو قانوونێکی جامیع و مەتین تووشی نەخۆشیی بەرپە رسیی خائین هاتوە و بە هۆی ئەو نەخۆشیەوە لە قبر نراوە و ئەمن ئێستا دەرمانێکی فەوری و واکسینێکی ئەگجاربە کەڵک لە دژی ئەو نەخۆشیە لەو نوسخەیەدا پێشکەش دەکەم، ئەویش جێژنی خوێنە . پێنج رۆژ جێژنی خوێن بۆ حیفزی قەوانین وەکوو سواغ کردنی سەربانی عیمارەت وایە. پێنج رۆژ جێژنی خوێن یانی هەروەک چۆن هەر بنەماڵەیەک مانگێک تا پازدە رۆژ وەخت دادەنێ بۆ سواغ کردنی سەربانی عیمارەتەکەی خۆی و تا چەند ساڵ لە قایم بوونی عیمارەتەکەی خاترجەمە ، لە هەر ساڵیک دا دەبێ پێنج رۆژ تەرخان بکرێ بۆ حیساب لێ کێشان لەو کەسانەی بەرێوەبەری یاساکانن بۆ وەی هەرکام لە بەرێوەبەران خەیانەتی بەو ئەمانەتانە کردبێ کە میللەت بە ئەمانەت لە لایان داناون لە زەحمەتی ژیان نەجاتیان دەن و سێسەد و شێست رۆژەکەی دیکەی ساڵ لە بەرێوە چوونی سلامەتیی قانوونەکان ئەرخەیان بن.

بۆ پاراستنی سلامەتیی کۆمەڵ هەموو ساڵێ پێنج رۆژ دەبێ جێژنی خوێن بگیرێ ، پێنج رۆژ خوێن ، پێنج رۆژ موجازات ، پێنج رۆژ شوڕش ، پێنج رۆژ چەور کردن و ئامادە کردنی چەرخە کانی یاسا. من ئەوڕۆ بە دنیا دەڵێم هەموو ساڵێ پێنج رۆژ ماشێنی قانوون قورمیش کەن.)

سالها دوای بڵاو بوونەوەی ئەو مەقالانە لە شەفەقی سووردا عیدەیەک لە گەنجە کانی مهاباد (ئاغایانی حامید مازوچی و حوسێن لبادی) دوای راگە یاندنی کەشفی حیجاب لە مانگی دەی 1314 لە لایەن رەزاخانەوە بە بڵاو کردنەوەی ئاگاداریەک بە هە مان ناوەرۆکەوە خەڵکیان بۆ بەڕێوەبردنی پێنج رۆژ جێژنی خوێن لە مهاباد هان دا . ئەو کردەوە و ئیعترازە کە نیشاندەری تەنەفوری گەنجە شۆڕشگێڕەکانی شاری مهاباد لە حکوومەتی کودەتا بوو ، لە چوارچێوەی زیهنی ئەو کەسانە زیاتر تێ نە پە ڕی و لە چواردیواریی سەهۆڵ بەستووی جێگیر بوو لە نێو کۆمەڵگادا قەتیس ماوە چونکە ئەو کەسانە کە بە بیری تازەوە دەیان روانیە کۆمەڵگا بە بێ سەرنج دان بە راستیەکان و نیازەکانی زەمان و مێژوو و هەل و مەرجی ژیانی خەڵک تەنیا بە پاڵدانەوە بە نموونە سازی ناشیانەوە عە مەلیان دەکرد . ئەوە لە تایبەتمەندیەکانی چینی ئەنتلێکتوئێلە ئەوانە بە عینوانی دژکردەوە بە مەنزووری ئاڵ و گۆر و هیدایەتی کۆمەڵگای کوردی بایەخەکانی رۆژاوا بە بێ لە نەزەرگرتنی تایبەتمەندیەکانی مێژوویی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی وەردەگرن و لە کۆمەڵگای خۆیان دا عەمەلی پی دەکەن .

**حزبی ئازادیخوازی کورد**

لە درێژەی رەوتی تێکۆشانی شۆڕشگێڕانە و رووناک بیرانەی گەنجە ناسیونالیستەکانی مهاباد ، دوای سەرکوتکردنی ئیعترازاتی پێنج رۆژ جێژنی خوێن ، لە بەرەبەری شەڕی جیهانیی دووهەم و لە دەوروبەری ساڵەکانی 1316ی هەتاوی دا حزبێک بە نێوی (حزب آزادیخواه کرد) لە لایەن دووکەس لە لاوانی شۆڕشگێری مهاباد بە نێوەکانی عەزیز زەندی و حۆسێن فروهەر پێک هێندرا ئەما زۆر زوو ئەو تیکۆشانە کەوتە ژێر کارکردی ئاڵۆزیەکانی پێش شەڕی جهانیی دووهەم و تێکۆشانەکانی سەریَ لە رەوتێکی دیکەدا (کۆمەڵەی ژ.ک) دا رێکخرا.

وآخردعوانا ان الحمد لله رب العالمین رمضان المبارک 1415 قمری



از راست به چپ: ۱ـ ناشناخته ۲ـ میرزا رحمت شافعی ۳ـ آغا بزرگ ابراهیمی ۴ـ ملا خلیل گورە مە رەپرچمدار مبارزات ضد تجددگرایی در کردستان ایران ۵ـ سوارەٴ گولاوی آغای منگور که بروایتی خالو قربان را او کشت. بقیه ناشناخته.




عده ای از رجال مهاباد
جهانی دو




۱- سید جامی جعفری ۲- علی آقا امیر اسعد ۳- محمود آغا ایلخانی زاده ۴- حاج سید رحمان‌سیدی ۵- علی خان حیدری
۶- سیف القضاه ۷- امیر عبدالله خان طهماسبی ۸- ملا محمد ترجانی زاده ۹- شیخ الاسلام ۱۰- قرنی
آغای مامش ۱۱- حسن آغای منگور پسر بایزآغا ۱۲- باباخان بگ فیض الله بگی ۱۳- بآپیر آغای دهبکری ۱۴- گنجعلی بیگ
فیض الله بگی ۱۵- علی آغای گورک ۱۶- حمزه‌آغای منگور پسر باپیرآغای سوم ۱۷- احمد خان شجیعی (در زمان قاضی محمد
در سقز اعدام شد) ۱۸- بایز آغای قورمیشی (دهبکری).
بر روی عکس این عبارات کم رنگ بچشم می‌خورد: این عکس تاریخی است که در تاریخ دوم برج سنبله سیچیقان (سال
موش) ایل ۱۳۰۳ شمسی در موقع مراجعت قوای سلحشور عشایر مکری اعزامی بسقز و بانه ساوجبلاغ در قریهٔ درمان برداشته
شده است - علی آقای مظفرالعشایر گورک (نفر شماره ۱۵) خادم نبوده در این جنگ.
(با فادات عمرآقا علی یار - عکس از آرشیو خانوادگی جعفری)

تەواوبوو